# تەنیا وەلاَم بۆ جەنەڕاڵ و سیاسییە تورکەکان

ئاسۆ شێخ خالد قەرەداغی
ئەڵەمانیا ٢٠٠٤/٩/١١

مێژوو شایەتە ، ئەوکەس و لایەن و رژێمانەی لــە بـیر و هەڵوێســتیاندا توندڕەوبــوون و شۆڤێنیانە هەڵوێستیان نواندوە و دژ بە ئازادی تاك و مافی کۆمەڵ بوون ، فەوتاون و ریســوای زەمانە بوون و تەنیا زیانیان بەشەخسی خۆیان نەگەیاندووە ، ناوبانگی میللـەتەکــەی خۆیشــیان تەڵخ و بیزراوکردووە. هێتلەر و مۆسۆلینی چیان لێ بەسەرهات ؟ .. سلۆڤۆدان میلۆسۆڤیچ و سەدامی دیکتاتۆر و رژێمــی بەعســی ڕەگەزپەرســتیش رۆژ لــە دوای رۆژ ســەری بــە قووتــی زەلکاوی زەمانەدا روو دەچن .. کەچی تازە بە تازە سەرکردەکانی تورکیای وەچــەی گورگــە بۆر، کەڵبەیان بۆ هەڵدڕینی هەناوی کورد تیژ دەکەن ، لە بری ئەوەی عەسریانە فکر بکەنــەوە و عاقڵانە هەڵوێست بنوێنن لە ســەردانی ئــەم دواییــەی ســەرکردەکانی کــورد بــۆ ئانکــەرە ، کاربەدەستانی تورکیا رووبەرووی دیاردە شارستانیەکان دەبنەوە و تەنانەت دژی ئەوەشن پردی هاتوچۆی ئاسمانی لە نێوان ئانکەرە و کوردستاندا هەبێت .. دەسەلاّتدارە سیاسییە بــەرزەکانی تورکیا ((سیزار ، ئەردۆغان ، عبداللە گۆڵ)) پەیڕەوی هەمان هەڵوێستی جەنەڕاڵە مێشك پــوچ و دواکەوتوەکانی تورکیا دەکەن ، کە دەیان وت : کورد لە ئەفریقاش دەوڵەت دابمەزرێنێت ، ئێمە هەوڵی رووخاندنی دەدەین!.. ئــێ ئــەو هەڵوێســتانە ، بــۆ ســەرکردەکانی کــورد نابێتــە پەند؟.. تا دوای کلاّوی بابردوو نەکەون و بە زەییان بە حاڵی خۆیان و میللـەتەکەیاندا بێتــەوە و گوتاری سیاسیان یەکخەن ، بێ ئەوەی لەبنەوە پاشقول لە یەکدی بگرن و هەردوو ئیدارە لە باشووری کوردســتان بــە زووی یــەك پێبگرنــەوە ، ئــەوە تــەنیا وەلاّمــی سیاســی و جەنەڕاڵــە تورکەکانە.

****************